# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

بەغدا
١٩٧٤/١/١٣

بەناوی بینایی چاوان
برای زۆر خۆشەویست و بەڕێزم
کاک محەمەد تاهیر(١) پێشکەشە

خۆشی و کامەرانیتان لە خودای گەورە داواکارم، هیوام شادی و سەروەریتانە عەزیزم، هەواڵی ئێمەش دەپرسیت، ئەلحەمدولیللا مەسروورم عەزیزم، هەرچەندە مودەتێکە نامەم بۆ نەناردوویت لەبەر دەرد و ئەندێشەی زەمانە، بەڵام دڵم هەر لە لاتان بووە، ئەبێ ببووریت، خۆتان شارەزا و ژیرن کیتری هەتا کونێکی ئەگری، دوو کوونی لێ ئەبێتەوە عەزیزم، بە خانەنشینیت غەمبار بووم، بەڵام خوا خۆشی و تەندروستی ببەخشی پێتان.

نازانم تۆ ئێمەت لەبیر چووەتەوە؟ چونکی ئێمە تۆمان لەبیرنەچووەتەوە، لە کونجی دڵمانا جێگات گرتووە عەزیزم. بۆ (مێژووی کۆیە) و (شەوچەرە)(٢) بەندی(٣) دووەمان چاپتان کرد، یان هەر ماون؟ هیوام وایە چاپکراوەکانت کۆتاییان هاتبێ و ساغ کرابنەوە ئینشائەڵڵا. ئایا هیچ سەفەری بەغدات نەکردووە لەو بەینەدا؟

عەزیزم نامەیەکت بۆ ناردین بۆ نۆکەرتان جەماڵ بردی بۆ ئەندازیاری خزمتان، بەڵام تەمەنی جەماڵ تەواو نەبوو، (بەڵام) ئێستا تەمەنی تەواوە ئەگەر بە زەحمەت نابێ چاوەڕوانی نامەیەکی ترین هەر بۆ جەماڵ بەشکی ئەمە خوایە بەهۆی موحتەرەمتانەوە بیخەنە سەر کار عەزیزم، چاوەڕوانیشم بۆ چاپی دووەمی (شەوچەرە) و (مێژووی کۆیە)، ئیتر سڵاو و ئیحتیرام بۆ براژنم، عائیشە سڵاو لە جەنابت و لە براژنم ئەکات، جەماڵ و جەمیلە و کەمال و هیوا و سەلما و سەلام و محەمەد دەستتان ماچ ئەکەن و چاوی باقی منداڵەکانیش ماچ ئەکەم، ئیتر چاوەڕێی جوابی نامەی گەوهەربارتانم بە زووترین کات وەلسەلام.. ئەگەر نامەم بۆ نەنێری خۆم دێم بۆ لاتان، ئیتر خودا یاریدەدەرتان بێ، ئامین.

**برات بەڕاستی**
**شێخ هادی شێخ حەسەن**

ملاحظة: چاوەدێری
چەند قسەی خۆشی کوردەواریم ئامادەکردووە، چاوەڕوان بە لە نامەی دووەما پێتان ئەگات ئینشائەڵڵا(٤).

بغداد: تل محمد- مديرية المعامل واالمخازن للبرق والهاتف.

**پەراوێزەکان:**

**(١) مەبەستی لە (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، لە کوردەواریدا بۆ خۆشەویستی (حەمە)، یان (محەمەد) دەخرێتە سەر ناوەکان.**

**(٢) ناوی دوو کتێبی نووسەرە.**

**(٣) بەندی، لە جیاتی بەرگی دووەم بەکار هێناوە.**

**(٤) دیارە نە نامەی دووەمی ناردووە و نە ئەو قەولەی خۆشی بردووەتە سەر.**

